هـاوار

هاوار بـه مالْم .. گوتت نایـەم:

کەواتـە ئیمڕۆ ئێوارە زووتر دونیا تاریك دادێ

کە شەویش دادێ ..

ئەو ئاسمانـەی ملیۆنـەها ساڵـە ئەستێرەی

بـەخۆیـەوە دیوە

یەك ئەستێرە لـە باوەشیدا ناجریوێنێ

دە دونیاش دەبێ بـە دۆزەخ و هەر تـەنها خۆمی تیا دەسووتێم

ئاخر چۆن لـە یادی کەم ..

ئەو رۆژانـەی سەری غەرییبیم دەخستە سەر کۆشت و ..

ئەم ژوورە تـەنگ و تارەش دەبوو بـە گوڵزارێکی بـەهەشت و ..

هەر خۆم تیا "ئادەم"ێك بووم

پشتم تێمەکە .. دەست هەڵمەبڕە و نەڵێی: ماڵئاوا

خۆ ئادەمیش وەك من ئاسا ..

لـە ماچی حـەوا بێبـەری و لـە بـەهەشت دەرکرا

وەختـی دەست لێك بـەردان نییە ..

ئەمنیش مردووی نامراد .. بێ ناوونیشان

تۆ کەم نـەبووی.. ئاسمانێك بووی بـەسەر سەرمەوە

ئەم ئەڤینـە پیرۆزەش کراسێکی چڵکن نـەبوو

یا پاڵتۆیـەکی کۆن تا بیبـەخشمەوە

تۆ خۆت گوتت: من بۆ تەنها شەوێك نایەمە ژێر دەواری ..

هیچ حەز و ئەوینێك

گوتت: من رەنگی چاوانتم ..

بە مەرگیش لە تۆ جوێ نابمەوە

بەر لەوەی بڕۆیت و داستانی ئەم حەزە کوێرکەیتەوە

وەرە ناوم .. دەنگم .. رەنگم بشۆرەوە

مێژووی رەشی مەینەتی خۆم و خۆت

چون پاشماوەی تاوانێك بسڕەوە

من دوو تاوانی گەورەم لە ئەستۆدایە

هیچ کامیشیان گوناهی منی تیا نەبوو

لەدایك بوون و ئەو عیشقەی تۆ بوو

گوتت: من لە پەڕەی گوڵا ناسکتر .. لە پەپوولەش بێگوناهترم

ئەی چۆن توانیت تەوراتی عیشقی موسا-یەك بسووتێنی

کەلاوەی ئەو دڵە زیز و بێکەسەی من بڕمێنی

ئای لەو عیشقەی زەلیلی کردم

هەم ئاشنا و هەم بێگانەی پێخۆش کردم

چ قەدەرێکە تۆ سەرمەستی وێرانەی ئەم دڵەمی

ئەو دڵەی شەوەهای شەو گۆرانی بۆ تۆ دەچڕی

بێمروەتی .. ئەوسا تۆ کارئاسکێك بوویت

لە ڕەو ونبوو

کە تۆم بینی

کەوتیتە نێو جەنگەڵی عومری بێبەر و بەربادی من

لە نێو بێشەڵانی رۆحما دەمشاردیتەوە ..

سێبەرم بۆ دەکردیت

ئەمێستا بۆ کوێ سەرهەڵدەگریت ..؟

لە نێو ئەم دارستانەی دڵی من بچیتەدەر

دەتپێکن و .. باسکی منش چون لقەدارێك

دەبڕنەوە

سەرم ئاگردان .. ئێسقانی پەنجەکانیشم پشکۆ

هەردوو لێوی تەزیوی تۆی پێ سوور دەکەنەوە

ئەو پەنجانەی کە شەو تا سپێدە ..

لە سەفەری خۆشی بە نێو قژتا ماندوویيان

نەدەحەسایەوە

خۆت بووی دەتوت: گەر ئەم دونیایە عیشقی تیانەما

خۆم و خۆت دەبین بە داستانی عیشقێکی رەنگین

گەلێ گەورەتر لە شیرین و فەرهاد .. لە مەم و زین

دەڕۆیت و لە نێو ئەم خەراباتە جێم دێڵی

بە دیار دار و پەردووی نێو وێرانەی حەزێکی غەمگین

کەواتە ئەمشەو مەرگ هەر تەنها میوانی خۆمە

خەمێکە .. دوای من کەسێك نابێ

داستانی ئەم مەرگەساتە بنووسێتەوە

ئەفسووس .. ئەفسووس

هـەزار ئـەفسووس .....

1986